# بۆ پێکەنین

## 14

وا جارێکی تریش بە چەند نیکتەیەکی مەلا ناودارەکەی بەناو بانگ دەبەینەسەر و کەمی ئازاری دڵو دەروونی خۆمان بە بزیەی سەر لێوانەوە کەمتر دەکەینەوە ، کە بەهیوام هەموو ئەوانەی کەکوردی دڵسۆز بە خاک و نەتەوەکەیانن و لەپێناوی ژیانێکی پڕ لە کامەرانی وسەربەخۆیی کوردو کوردستان دا هەرگیزاو هەرگیز لە خەبات و تێکۆشان دا ناوەستن و کوردستانیان لا لە هەموو شتێک لا گەورەترە ، بەهیوام کە ئەو مرۆڤە مەزنانە هەرگیز تۆش بە ئازارو خەم و نەهامەتی ژیان نەبن و هەمیشە هەر خەندەدارو شادان بن.

*

## نەحۆش کەوتنی ژنی مەلا

چەند ڕۆ ژێک بوو کە مەلاژن توشی نەخۆش بووبوو و لە مالەوە لە ناو جێگادا کەوتبوو،مەلاش هەموو ئێواران کە دەگەڕایەوە مالەوە و لە لای جێگای مەلا ژنەوە دەستی بە گریان دەکرد.

ڕۆ ژێکیان کە هاوسێیەکی مالی مەلا هاتە لای مەلا ژن بۆ ئەوەی هەوالی بپرسێت،بینی کەوا مەلا دەگرییێت،هاوسێکەی مالی مەلاش دلی مەلای دەدایەوە و دەیگوت: جەنابی مەلا ئەوەندە خۆت نائارام مەکە تا چەند ڕۆژێکی تر مەلا ژن چاک دەبێتەوە.مەلاش لە وەرام دا گوتی:

دەزانم چاک دەبێتەوە بەلام چونکە زۆر بێکەسە،بۆیەکە من لە ئێستاوە بۆی دەگرییێم تاکو ئەو کاتەی کە مرد نەلێت کەسم نیە کە بۆم بگرییێت.

*

# مردنی مەلا

ڕۆ ژێکیان مەلا لە ناو شاردا پیاسەی دەکرد،لە ناکاو ساتمەیەکی کرد و بەربۆوە،و سەری بە بەردێک کەوت و زۆری هێشا و لە تاوان چاوی ڕەشکەو پێشکەی دەکردن بە شێوەیەک کە ئاسمانی بە زەوی دەدیت و زەویشی وەک ئاسمان دەهاتە بەر چاوان،مەلا کە لە تاو ئازارەوە کەوتبووەسەر زەوی و لە بەرخۆیەوە دەیگوت: ئەی خودایە بەڕاستی من مردوومە.

مەلا هەروا لە جێگەی خۆیەوە مایەوە،بەلام کەسێ نەهات کە جەنازەی مەلا هەلگرێت و لەوێی لابەرێت و لەبەر خۆیەوە بیری کردەوەو دەیگوت:

ئەمە زۆر ڕاستە کەوا کەسێک هەوالی مەرگی من نازانێت، بۆیەکە وا باشترە کە بۆ خۆم بچم هەوالی مەرگی خۆم بە مەلاژن ڕا بگەیەنم.

پاش ئەو بیر کردنەوە زۆر بە توندی و بە پەلە لە جێگەی خۆی هەستایەوەو هێواش هێواش بەرەو مالی خۆی بووەوە و کە چوەوە ژوورەوە بە ژنەکەی خۆی گوت:

ئافرەت تۆ هەر ئاوا بە دلنیایی ڕونیشتوی و مێردەکەشت وا لە نەزیک ئاشەکەوە بە سەر زەوی دا کەوتووە و لەوێ

مردووه!هەستە زوو هەڕو جەستەی من هەلبگرەو بمبە بۆ گۆڕستان!
مەلا ئەم قسەیەی کردو بە پەلە خۆی گەیاندەوە هەمان شوێنێ کە لێی کەوتبوو و لەوێندەر مایەوە.
مەلا ژنیش کە ئەم هەوالەی بیستبوو،بە پەلە لە مالەوە بە ڕاکردن و گریانەوە چووە دەرەوەو تاکو تەواوی هاوسێکانی تێ بگەیەنێت کەوا مەلا مردووە!
هاوسێکانیش هۆی گریەو هاواری ژنی مەلایان دەپرسی و مەلا ژنیش دەیگوت:
من بۆ مەلا دەگرییەم کەوا مردووە و دلم بۆ بێکەسی ئەو دەسوتێ،کە مەلا بە خۆی بە ناچاری هاتەوە هەوالی مەرگی خۆی بە من ڕاگەیاندووە.
*

# دزینی کورتانی کەری مەلا

ڕۆ ژێکیان مەلا لە دێیەکەوە تێ دەپەڕی و کەمێک پشو لەو دێیە دەدات ،لەو کاتە دا دزێک دێت و کورتانی کەرەکەی مەلادەدزێت،لە دوای نیو سەعاتێک مەلا دەزانی کە کوتانی کەرەکەی دزراوە،ئەوسا ڕوو لە خەلکی ئاوایی دەکات و دەلێت:
ئەهای خەلکینە زوبن دزی کورتانی کەرەکەم بدۆزنەوە،خوا دەزانێ کە ئەگەر نەی دۆزنەوە هەر بە خۆم دەزانم چی دەکەم.
خەلکی گوندیش لەو هەڕەشەیەی مەلا دەترسن،جا بەبێ چەندو چوون لە دوای دزەکەو کورتانی کەرەکەی مەلا

**دەگەڕێن تا دزەکە دەگرن و کورتانی کەرەکەی مەلاش دێننەوە،ئەوسا یەکێ لە خەلکی ئاوایی لە مەلا دەپرسی ودەلێت:**

**ها باشە مەلا ئێستا کورتانی کەرەکەت دۆزرایەوەە ئەگەر دزەکە نەگیرابایە تۆ چیت دەکرد؟ئاوا هەڕەشەت لە ئێمە دەکرد مەلاش زۆر بە لەسەرخۆیی سەری بادا و لە کاتێک دا کە سواری کەرەکەی دەبوو تا لەوێ بڕوات گوتی:هیچ! تەنیا ئەو کاتەی کە دەگەڕامەوە مالەوە یەکسەر دەچوم ئەو بەڕەیەی کە لە مالەوەم هەمانە دەچووم دەمبڕی و دەمکرد بە کورتانی کەرەکەم.**

*